


# مۆزەخانەی پاکیزەیی و عیشقی فویسون

هاشم سەڕاج

**عیشقی «فویسون»**
**ڕیسوای کردم**
**مردم هێندەی شتگەل کۆ بکەمەوە**
**«باڵەخانەی مەرحەمەت»**
**بووەتە مۆزەخانەی ئەڤین**
**ئێوارە**
**لە ڕێستورانتی «ڕێژانس»**
**زۆرم خواردەوە و چوومە سینەما**
**«پەری»**
**«پاپاتیا»ی ژنە ئەکتەری ڕەشئەسمەر**
**لە فیلمی «ژیانە تێکشکاوەکان»**
**گۆرانییەکی خەفەتباری دەچڕی**
**جارێ جوانی ڕوخساری**
**کچە سپییەکەی گەڕەکم**
**بیرنەچووبووەوە**
**بەردەوام شادی دەخستە دڵمەوە**
**گوتم فویسون لە کوێی**
**من شێتم**
**ژیان چییە**
**جگە لە هەڵوەدابوون**
**بەجوانی!**
**هـ. سەڕاج**

«مۆزەخانەی پاکیزەیی» ڕۆمانێکی درێژی «ئۆرهان پاموک»ـە و خۆی لە ٩٦٠ لاپەڕە دەدات، «بەکر شوانی» لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی، ڕووداوەکان بەجێناوی یەکەمین کەسی تاک دەگێڕدرێنەوە، کەمال بەگی کوڕی مومتاز بەگی خاوەن کۆمپانیای ساتسات پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، لەپاڵ ئەمیشدا «فویسون»ی کچە خانومان کە لە بووتیکی شانزیلیزێ کاردەکات و پووت و پێڵاو و جانتا دەفرۆشێت ڕۆڵی لە داگیرکردنی فەزای نووسیندا لە ڕۆڵی کەمال کەمتر نییە، مۆزەخانەی پاکیزەیی بەشێوەی ٨٣ بەشی کورت و نیمچە درێژ نووسراوە، بەڵام لە هەندێک بەشدا، کردەی نووسین زۆر بە درێژی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە بە تایبەتی بەشی ئاهەنگی نیشانکردنی «سیبەیل»دا.

پاموک لە ساڵی ٢٠٠١، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣- دەستی بە نووسینی ئەم تێکستە گێڕانەوە ئامێزە کردووە و لە ٢٠٠٨ کۆتایی پێ هێناوە، هەندێک جار خوێنەر هەست دەکات دەقێک دەخوێنێتەوە لێوانلێوە لە یادداشت و بیرەوەری، بەڵام ئەوەی ئەم خەسڵەتە تێک دەشێکێنێت، هێزی عیشق و جوانی فویسونە، من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی لە هەندێ بابەتی مۆزەخانەی پاکیزەیی بدوێم، بە تایبەتی عیشقی فویسون، کە چۆن کەمال بەگ ڕووەو ڕیسوابوون و زەلیلی دەبات، دەق لە ڕێگەی عیشقی فویسونەوە لە کۆمەڵێک بابەتی گرنگ دەدوێت کە بەسەردەمی حەفتاکانی تورکیاوە پەیوەستن، بە تایبەتی شاری ئیستەنبوڵ، لەوانە ساڵی حەفتاکان و شەڕی ناوخۆی نێوان نەتەوەپەرستەکان و چەپەکان،

کاریگەری هزری خۆرئاوایی بەسەر خەڵکی ئیستەنبۆڵ، بە تایبەتی گەڕەکە ڕاقییەکانی وەک نیشانتاشی، شیشلی، بە بە بەک...تاد، کە چۆن بەشێک لە کچانی ئەم گەڕەکانە، کاتێک دەگەنە تەمەنی ١٨ساڵی سێکس دەکەن و بڕوایان بە پاراستنی پەردەی کچێنی نامێنێت. بابەتێکی تر کە تێکستی مۆزەخانە زۆر بە قووڵی کاری لەسەر کردووە، پەیوەستە بە سینەمای تورکی و فیلمی هونەرییەوە، کۆمەڵێک ئەکتەر و دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر هەوڵ دەدەن ئاستی فیلمی تورکی بەرز بکەنەوە و لە ڕەوشی دابەزیوی بازاڕی دەربازی بکەن، شەوانە باڕی «پەلویر» جمەی دێت و ئەکتەر و دەرهێنەرە تورکەکان تێیدا بە مەستی لەجیهانی فیلم و سینەما دەدوێن، بە تایبەتی فەرەیدوون دوای خواستنی فویسون، کە سینەماکارێکی گەنجە و لە بواری فیلمی هونەری و ڕیکلامدا کاردەکات و هەوڵ دەدات لە فیلمی «بارانی شین»دا فویسون وەک ئەستێرەیەکی سینەمایی ڕۆڵ بگێڕێت، هەروەها «پاپاتیا»ی کچە ئەکتەر و گۆرانیبێژ، یان «تاهیرتان»ی دەرهێنەر کە دواجار خۆی دەکوژێت، دەتوانم بڵێم لە دووتوێی ئەم ڕۆمانە قەبەیەدا، شەپۆلێکی شاراوە دەگەڕێت و بەهزری بێهوودەییەوە پەیوەستە، زۆرتر لە عیشق و جوانی و نیگەرانی و ڕوانینێکی بوونگەراییەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە دواجار کۆششەکانی مرۆڤ بەر مەینەتێک دەکەون، نەک تەنیا عیشق، جوانیش بوونی خۆی لەدەست دەدات، ئەم حاڵەتەیش لە دوایین چرکەی چارەنووسی فویسوندا دەردەکەوێت.

ڕۆمانی مۆزەخانەی پاکیزەیی لەگەڵ دەسپێکی خوێندنەوەی سرووشی، چەندان دەقی شیعری پێ بەخشیم و ڕۆژانە گشتیانم لە فەیسبووک بڵاوکردنەوە، دەتوانم بڵێم تێمەی سەرەکی ڕۆمانەکە لە عیشقی فویسونەوە سەرچاوە دەگرێت، فویسون کچێکی تەمەن هەژدە ساڵە و هەم قوتابییە و هەم لە بووتێکی شانزیلیزێ لای شەنای خاتوون کار دەکات و لەخانەوادەیەکی هەژارە و نەسیبەی دایکی بەرگدرووە و تاریق بەگی باوکی خووی داوەتە خواردنەوە، ئەم خانەوادەیە خزم و ناسیاوێکی دووری خانەوادەی مومتاز بەگ و کەمالن، کەمال بەگ بەردەوام هاموشۆی بووتێکی شانزیلیزێ دەکات و لەگەڵ فویسونی کچە خانومان لە [باڵەخانەی مەرحەمەت] ڕۆژانە سکێس دەکەن، کەمال تاڕادەی پەرستن فویسونی خۆش دەوێت، بەڵام خانەوادەکەی حەز دەکەن سیبەیل بخوازێت و هاوسەرگیری بکەن، سیبەیل کچی باڵیۆزێکی خانەنشینە و لە سۆربۆن خوێندوویەتی، کەمال بە ناچاری ڕازی دەبێت و ئاهەنگی نیشانکردنی سیبەیل لە هۆتێلی «هیلتۆن» دەگێڕدرێت.. کەمال، فویسون و خانەوادەکەش داوەتی ئاهەنگەکە دەکات، ئیتر کێشەی عیشق و دابڕان لەم خاڵەوە سەرهەڵدەدات، کەمال بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سیبەیل دا هەست بە دڵخۆشی ناکات، بەپێچەوانەوە تووشی ساردی سێکسی دەبێت و ناتوانێت لەگەڵیدا سەرجێی بکات.

سیبەیل بە زۆر جۆر شێوە دەیورووژێنێت، بەڵام بێ سوودە، دەقی مۆزەخانەی پاکیزەیی، ڕۆمانێکی فرە درێژە، ناکرێت لەم خوێندنەوە کورتەدا لە یەکە یەکەی ڕووداو و کارەکتەرەکانی تر بدوێم، چونکە هەریەک لە کەسایەتییەکانی تری ڕۆمانەکە خاوەن جیهانێکی تایبەتین، لە ڕووی گوزەران و چۆنیەتی بیرکردنەوەوە، محەمەد و نورجیهان و زایم و چەتینی شوفێر و جەیدا و...تاد، هەروەها دەق وێڕای جەختکردنی لەسەر گێڕانەوە کە زۆرجار شێوە و ستایلی یادداشت و یادەوەری وەردەگرێت، هاوکات بایەخ و گرنگی بە تەکنیکی دیالۆگ و نوستالیژیا داوە.

مۆزەخانە دەقێکی ئیستێتیکی و نوستالیژییە، کەمالی پاڵەوانی ڕۆمانەکە دوای گەشتەکانی بۆ ئەمریکا و چەندان وڵاتی ئەورووپا، لە جیهاندا مۆزەخانە نامێنێت سەردانی نەکات، بەڵام مۆزەخانەی پاکیزەیی دەشێت لە هەموو مۆزەخانەکانی جیهان جیا بێ، چونکە تایبەتە بە شتومەک و کەلوپەلە بەکاربراوەکانی فویسون و خانەوادەکەی، چونکە ئاستی کاریگەری عیشق لای کەمال دەگاتە پلەیەک چەشنی بوونەوەرێکی [داندی] گیرۆدەی جلوبەرگ و کەرستەکانی [معشوق] دەبێت، زۆرجار شتومەک و پۆشاکەکانی فویسون بەرەو خەیاڵی سێکسی ڕای دەماڵن، بەڵام ڕەوشی زەلیلی و ڕیسوابوونی ڕاستەقینە دوای ونبوون و دۆزینەوەی فویسون دەست پێ دەکات، دەتوانم بڵێم پاموک لەم ڕۆمانەدا نەک هەر درێژدادڕە، بەڵکو هەندێک بەشی ڕۆمانەکە خوێنەر بە تەواوی دووچاری وەڕسی و بێزاری دەکات، بۆ نموونە ئەو بەشەی کە هەوڵ دەدرێت فویسون فێری ئۆتۆمبێل هاژووتن بێت و چەندان جار لە تاقیکردنەوە دەرناچێت، بەڵام پاموک هەوڵی داوە لە ڕێگەی کەمالی کارەکتەرەوە سەرجەم یادەوەرییەکانی ژیانی بگێڕێتەوە، دواجار فویسون مۆڵەتی شوفێری بەدەست دەهێنێت، ئەمەیش پەیوەستە بەکارەساتە گەورەکەوە، یان دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ کردەی خۆکوژییەکەی.

پاموک لەم ڕۆمانەدا فێڵێکی ئاشکرا و نە شاراوەی هونەری بەکارهێناوە کە لە کۆتاییدا سەرجەم یادەوەری و بەسەرهاتەکان ڕادەستی ئۆرهان پاموکی ڕۆماننووس دەکرێت، ئۆرهان بەگ دەقی مۆزەخانەی پاکیزەیی دەنووسێتەوە، لەبەر ئەوەی ئۆرهان بەگ لە ئاهەنگی نیشانکردنی سیبەیل دا ئامادەبووە و لەگەڵ

فویسوندا سەمای کردووە و فویسون کۆمەڵێک یادەوەری خۆی بۆ گێڕاوەتەوە و لە کاتی سەماکردنیشدا قسەیەکی بەگوێدا چرپاندووە، عیشقی نێوان فویسون و کەمال بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت، دەسپێکی یەکترناسین و سێکسکردنی ڕۆژانە لە باڵەخانەی مەرحەمەت.. چوونیان بۆ سینەما و ڕێستۆرانتە جۆراوجۆرەکان، لەم قۆناغەدا کەمال وانەی ماتماتیکی بە فویسون دەوت و فویسون دەیویست لە زانکۆ وەربگیرێت، وێڕای کارکردنی لە بووتێکی شانزیلیزێ لای شەنای خاتوون، کردەی نووسین لەم قۆناغەدا بە تێکڕای بەشەکانی لە زەماوەندێک دەکات کە دووبارە نابێتەوە، ڕیتم بە دارڕژانێکی ناخەکی شادی بەخشە و دڵ و دەروون دەپڕووکێنێت، خوێنەر لە ناخڕا هەست بە خۆشی و دڵخۆشی دەکات، جوانی جەستەی فویسون و کەشی ئیرۆتیکی و فەزای باڵەخانەی مەرحەمەت، لە قۆناغی دووەمدا ڕیتمی نووسین ڕوو لە دڵتەنگی و خەمۆکییەکی کوشندە دەکات، بە تایبەتی دوای نیشانکردنی سیبەیل و ونبوونی فویسون بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ چی وا نامێنێت کەمال هۆشی لە دەست بدات، شوێن نامێنێت بۆی نەگەڕێت! شتومەک و شەقام و یادەوەرییەکان بەشێوەیەک ئازاری دەدەن، نازانێت ڕوو لە کوێ بکات، بەڵام دوای دۆزینەوەی فویسون و هەڵوەشاندنەوەی نیشانکردن و جیابوونەوەی کەمال لە سیبەیل، لەم قۆناغەدا عیشق وەک هێزێکی ڕیسواکەر دەردەکەوێت و عاشق لە پەلوپۆ دەخات، ئێستا فویسون شووی بە کوڕێکی گەنجی سینەماکار کردووە و ناوی فەرەیدوونە، لەگەڵ فویسوندا لە ماڵی خەزووری ژوورێکیان لە نهۆمی سەرەوە وەرگرتووە و لەوێ دەژین، کەمال چەشنی شێتێک ڕۆژانە هاتوچۆی ئەم خانەوادەیە دەکات و چەتینی شۆفێر ئۆتۆمۆبێلەکەی لە گەڕەکەکە ڕادەگرێت، لە چایخانەیەک دادەنیشێت هەتا کەمال بەگ دەگەڕێتەوە.

کەمال لەوێ لەگەڵ پوورە نەسیبەی دایکی فویسون و تاریق بەگی باوکی فویسون دادەنیشێت و پێکی عەرەق هەڵ دەدات، هەموو مەبەستی ئەوەیە جارێکی تر بە فویسون بگاتەوە: ئیتر هەوڵی خولْقاندنی فیلمی هونەریی سینەمایی، لێرەوە لە ڕێگەی فەرەیدوونی مێردی فویسونەوە سەرهەڵدەدات و کەمال بەگ بۆ ئەوەی بە ئامانجەکەی بگات ڕۆڵی وەبەرهێنێک، یان بەرهەمهێنەرێکی سینەمایی دەگێڕێت و پارەیەکی زۆر بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی «بارانی شین» و «ژیانە تێکشکاوەکان» تەرخان دەکات، گوایە فویسون ڕۆڵی کارەکتەرە سەرەکییەکەی تێدا دەگێڕێت، فویسون حەز دەکات وەک ئەستێرەیەکی سینەمایی بناسرێت و پێشتریش لەپێشبڕکێی هەڵبژاردنی شابانووی جوانان بەشداری کردبوو، بەڵام دوای ئەوەی فەرەیدوون گیرۆدەی پاپاتیای کچە ئەکتەر دەبێت- ئیتر ساردی دەکەوێتە نێوان فویسون و فەرەیدوونەوە و لێک جیا دەبنەوە.

ئەمە وەک زانیارییەک حەزم کرد ئەم پێوەندییانە بۆ خوێنەر ڕوون بکەمەوە، بەڵام دەکرێت بڵێم لە دوو توێی ئەم ڕۆمانە قەبەیەدا کە خۆی لە ٩٦٠ لاپەڕە دەدات، پرسیارێکی شاراوەی بوونگەرایی دەگەڕێت و پێوەندی بەچارەنووسی مرۆڤەوە هەیە، پرسیارەکە زیاتر لە جوانی فویسونەوە سەرچاوە دەگرێت و بەشێوەی گوتارێکی بێهوودەیی ئاراستەی بوون و جیهان دەکرێت، فویسون دوای خوازبێنی کردنی لەلایەن کەمالەوە و گەڕان و سووڕان بە شەقام و گەڕەکەکانی ئیستەنبۆڵ، بە تایبەتی تەقسیم و بەیئۆغلۆ.. دانیشتن لە ڕێستۆرانتەکان، بڕیاردان بۆ ئاهەنگی نیشانکردن، گەشتکردن بۆ وڵاتێکی دەوروبەر، بەڵام فویسون لە ناخڕا دووچاری جۆرێک لە نائومێدی هاتووە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نە فەرەیدوونی مێردی، نە کەمال بواریان بۆ نەڕەخساند ببێتە ئەستێرەیەکی سینەمایی، مەبەستم ئەوەیە کاتێک فویسون ئۆتۆمۆبێلەکەی کەمال بەم خێراییە زۆرە لێ دەخوڕێت و دەیکێشێت بەدار چنارێکدا، کەمال بریندار دەبێت، فویسون بەشێوەیەک لەنێو دەچێت، مرۆڤ ناتوانێت سەیری دیمەنی جەستەی بکات، دەست و قاچێکی لە بەشی جیادەبنەوە، ڕانە درێژ و جوانەکانی فویسون کە سەرچاوەی خرۆشان و گەمەی ئیرۆتیکی بوون، ئێستا چ دیمەنێکی قێزەونیان هەیە، دەشێت فویسون لە ڕێگەی لێخوڕینی خێراوە، هەوڵی کردەی خۆکوژی دابێت، چونکە لە نائومێدی و دڵتەنگییەکی قووڵدا دەژیت، کەمال لە دەسپێکی ناسینی فویسونەوە بەشێوەیەکی شێتانە عاشقی دەبێت، بەتایبەتی دوای دیارنەمانی لەگەڵ ئەو کەلوپەل و کەرستانەدا دەژیت کە فویسون بەکاری هێناون، لە باڵەخانەی مەرحەمەت شمەکەکان لەسەر چرپاکە دادەنێت و بۆنیان دەکات و خەیاڵی سێکسی دەیباتەوە، هەروەها ئەوکاتەی سەردانی ماڵی کەسکین دەکات و لەگەڵ تاریق و پوورە نەسیبە دادەنیشێت هەر جارەی شتێک لە ماڵەکە دەدزێت، ڕۆژێک سەگە شووشەییەکەی سەر تیڤییەکە، پاشان بەردەوام ئەو فلتەرە جگەرانە کۆدەکاتەوە کە فویسون لە تەپلەکە کە دەیانپلیشاندەوە، کەمال لەو ماوەیەدا سەدان قونگە جگەرەی فویسون کۆ دەکاتەوە، لای خۆی دەیانپارێزێت، یان شووشەی ئاو و میوەی مەلتەم، کە فویسون لێوی، یان دەمی بە شووشەکەوە ناوە، کۆکردنەوەی ئەو هەموو شتومەکەی فویسون لە باڵەخانەی مەرحەمەت و دوای مەرگی فویسونیش خانووەکە لە پوورە نەسیبە دەکڕێت و دەیکاتە مۆزەخانە و لە

ئەپارتمانێکدا ژوورێک بۆ پوورە نەسیبە دابین دەکات، هەڵبەتە پێشتر «تاریق» بەگی باوکی فویسون سەردەنێتەوە، بەر لەویش مومتاز بەگی باوکی کەمال مالاوایی لە ژیان دەکات.. لە مۆزەخانەکە، یان لە خانووەکەدا ژووری سەرەوە کە فویسون و فەرەیدوونی تێدا دەژیان، بە هەموو کەلوپەلەکانیانەوە دەخرێنە بەر چاوی بینەرانەوە، من نازانم مەبەست لەم کارەی پامۆک چییە، ئاخر دوای مەرگی فویسون، نمایشکردنی کەلوپەلە بەکار برداوەکانی وەک میرات چی لە بابەتەکە دەگۆڕێت، جگە لەوەی کە تراژیدیای عیشقەکە قووڵتر دەکات و بە بیری بینەرانی مۆزەخانەکەی دێنێتەوە، لەوانەیە دانەر بڕوای بە بۆچوونی هیندییەکان هەبێت کە لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێ دەدات و پێیان وایە شتومەک گیانی هەیە، بەڵام ڕاستییەکەی مۆزەخانە چییە؟ جگە لە فەراهەمکردنی فەزایەک و خستنەڕووی کەلوپەلەکانی ڕابوردوو کە تێیدا شتگەل و کەرستەکان هێدی هێدی خەسڵەتی کولتووری لە دەست دەدەن و دەبنە کەلەپوور، دەکرێت مۆزەخانەی پاکیزەیی کە تایبەتە بە شمەک و کەلوپەلە بەکاربرداوەکانی فویسون و خانەوادەکەی بە گۆڕستان و گرتووخانەی شتومەکەکان نێوزەد بکرێت، دانەر مەبەستی ئەوەیە خوێنەری ڕۆمانەکە کاتێک چاوی بە شتومەکەکان دەکەوێت، یەکسەر ڕووداوی عیشقی نێوان فویسون و کەمالی بیربکەوێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆمانی مۆزەحانەی پاکیزەیی زۆر بە وردی لە چەندان بابەت و شوێن دەدوێت، بابەتی فیلمسازی، فیلمی ڕیکلام، فۆتۆمۆدیل سێکس، ئەکشن، ئیستەنبۆل و یەکەیەکەی گەڕەکەکان، قادیکۆی، پردی قەرەکۆی و فیتاشی، کۆشکی تۆپقاپی، گوڵخانە، مەیدانی گەلەتەسەرای، باڕەکانی پەشیلچام، ڕێستۆرانتی حوزوور لە تارابیا، باڕی پەلویر، مەیخانەی مجەوهەر، مەیخانەکانی بۆسفۆر، شەقامی ئەملاک، کەناری سوئادیە، ڕێستۆرانتی عەبدوڵلا ئەفەندی، هۆتێل هیلتۆن کە ئاهەنگی نیشانکردنی سیبەیلی تێدا گێڕا، بۆفیەی ئەتلانتیک، چوکور جوما و ماڵی فویسون، سینەمای پەری ڕێستۆرانتی کاراژ، شەقام و مزگەوتی تەشویقییە، بووتیکی شانزیلیزێ، شیشلی، بە بەک، نیشانتاشی، فاتیح، قەرەگومرک، ڕێستۆرانتی فوئایە، کۆشکی والی، دوکانی عەلائەددین، شەقامی عەبدی ئیپەکچی کۆلانی کویلو بۆستانی، بەیئۆغلو، باڵەخانەی مەرحەمەت، سینەمای سەرای، ڕێستۆرانتی ئاندۆن لە بیوکدەرە، کەنداوی تارابیا، هۆتێلی تارابیا، ئەم شوێنانە و چەندان شوێنی تریش لەم ڕۆمانەدا نەک هەر ناویان هاتووە، بەڵکو شوێنی یادەوەرییەکانی فویسون و کەمالن، شوێن نەماوە لە ئیستەنبۆل یادەوەرییەکانی ئەمانی تێدا نەبێت، لە ڕوویەکی ترەوە پاموک لەم ڕۆمانەدا زۆر بە قووڵی مامەڵە لەگەڵ شتومەک و کەرستەکان دەکات، دەتوانم بڵێم مۆزەخانە لێرە و لەم دەقەدا، ماڵی تایبەتی کەلوپەلەکانە، جیا لەوانەی فویسون بەکاری هێناون، چەندان کەلوپەل و لەعابەی دەورانی منداڵی خۆی و فویسون، یان ئەو کەلوپەلانەی دایکی چیتر بەکاریان ناهێنێت و دەگوێزرێنەوە بۆ باڵەخانەی مەرحەمەت و دواتر لە مۆزەخانەکەدا دەپارێزرێن، ڕەنگە ئەم ڕۆمانە لە بنیادی ڕووکەشدا باس لە عیشقی نێوان کوڕە دەوڵەمەندێک و کچە هەژارێک بکات لە وڵاتی تورکیای ساڵی حەفتاکان تا ١٩٨٧ بە تایبەتی ئیستەنبۆل، وەک ڕەوشی نەریتخوازی و کاریگەری هزری خۆرئاوایی بەسەر چینی دەڵەمەندەکانەوە زیاتر لە ڕووی ئەتەکێت و جلوبەرگ و بیرکردنەوە لە پاراستن و نەپاراستنی پەردەی کچێنی، لای ئەو نەوەیەی ئەوساکە تازە پێڕا دەگەیشتن و کۆمەڵگای تورکیاش بە دەست شەڕی ناوخۆییەوە تووشی مەرگەسات هاتبوو، بەڵام لە بنیادی قووڵدا تێکست کار لەسەر کۆمەڵێک دەلالەتی نەگوتراو دەکات، زۆربەی دەلالەتەکان پەیوەستن بە عیشق و جوانی و بێهوودەیی و مەرگەوە، دوایی ئەم هەموو هەوڵ و کۆشش و دەردەسەرییە، فویسون لەنێو دەچێت و عیشق چەشنی یادەوەرییەک لە مۆزەخانەی پاکیزەییدا نیشتەجێ دەبێت و لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتیش ڕوو لە کاڵبوونەوە دەکات، بەڵام دەقی مۆزەخانە لە بنەڕەتدا هەڵگری بنیادێکی ئیرۆتیکییە، بە تایبەتی ئەو دەمەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە باڵەخانەی مەرحەمەتدا بەردەوامی بە گەمەکانی جەستە دەدەن و سەراپای ژیان لە چرکەکانی چێژدا دەترووسکێتەوە. دەکرێت ئەم ڕۆمانە لە چەندان ڕەهەندەوە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، چونکە ئۆرهان پاموک لەم ڕۆمانەدا هەم عیشق و جوانی فویسون دەنووسێتەوە، هەم خەیاڵی سێکسی! لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی زمان و دەربڕین و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەوە لایەنی سایکۆلۆجی کەسایەتییەکان دەخرێنە ڕوو، هاوکات وەک دەقێکی فرەدەنگی [پۆلیفۆنی] کۆمەڵێک واتا و دەلالەتی نەگوتراو بۆ لێکدانەوەی خوێنەری وەرگر بەجێ دەهێڵێت.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: مۆزەخانەی پاکیزەیی**
**ناوی نووسەر: ئۆرهان پاموک**
**وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی**
**بابەت: ڕۆمان**
**نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم، ٢٠١٦، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.**